ئەکادیمیای کوردی

وەزارەتی پەروەردە

# کۆنوسی کۆبونەوە

شوێن: ئەکادیمیای کوردی

ڕێکەوت: ٣٠-٣-٢٠١٦

بابەت: هاوکاریی زانستی و ئەکادیمی لە بواری زمانەوانی و مێژووی کورد لە پرۆگرامەکانی خوێندن

بەشداربووان:

١- د. پشتیوان صادق عبدالله     وەزیری پەروەردە

٢- پ.د. عبدالفتاح علی بۆتانی  سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی

٣- د. نجاتی عبدالله     جێگری سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی

٤- کاوە عمر حمد     بەڕێوەبەری گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان بە وەکالەت

به مەبەستی پەرەپێدانی هاوکاریی زانستی و ئەکادیمی لە بواری زمانەوانی و مێژووی کورد لە پرۆگرامەکانی خوێندن هەردوولا لە ڕێکەوتی( ٣٠-٣-٢٠١٦ز )بەرامبەر (١٠ ی نەورۆز ٢٧١٦ )کوردی لە سەر ئەم خاڵانە ڕێککەوتن:

١- ئەکادیمیای کوردی ئەم کارانە بۆ لایەنی یەکەم ئەنجام دەدات:

ئ- پێداچوونەوەی زمانەوانی و یەکخستنی زاراوەکان لە پرۆگرامەکانی خوێندنی وەزارەتی پەروەردە.

ب- پێداچوونەوەی زانستی بە کتێبەکانی بابەتی مێژوو و کۆمەڵایەتی.

پ- دروستکردنی فەرهەنگی زاراوەکان بۆ بابەتە زانستییەکان بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە.

٢- پێویستە وەزارەتی پەروەردە لە کاتی گۆرانکاریکردن لە هەر پرۆگرامێکی خوێندن بەر لە خوێندنی لە ناوەندەکانی خوێندن ئەکادیمیای کوردی ئاگادار بکاتەوە.

٣- وەزارەتی پەروەردە کەسێک دەستنیشان دەکات وەک کار ڕێکخەر بۆ ڕێکخستنی کارەکان.

٤- وەزارەتی پەروەردە بە گوێرەی ڕێنماییەکانی دارایی ماف و شایستە داراییەکان بۆ ئەکادیمیای کوردی دابین دەکات.

٥- دەبێت هەردوولا مافی هزری و ئەدەبی ئەو کەسانە بپارێزن کە لە پرۆژەکەدا کار دەکەن.

٦- کار بە ناوەرۆکی ئەم کۆنووسە دەکرێت لە ڕۆژی واژۆکردن.

٧- دەکرێت بە ڕەزامەندی هەردوولا پێداچوونەوە و گۆڕانکاری بە بڕگەکانی ئەم کۆنووسە بکرێت.

٨- ماوەی جێبەجێ کردنی بڕگەکانی ئەم کۆنوسە سێ ساڵە و دەکرێت بە ڕەزامەندی هەردوولا نوێ بکرێتەوە.

**کاوە عمر حمد**

**ب.گ. پرۆگرام و چاپەمەنییەکان بە وەکالەت**

**د.نجاتی عبداللە**

**جێگری سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی**

پ.د. عبدالفتاح علی بۆتانی

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی

د. پشتیوان صادق عبداللە

وەزیری پەروەردە